سەرۆک کۆمار: چەک دانانی پەکەکە بنەمایەکی گرنگە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری

د. لەتیف ڕەشید، سەرۆك کۆماری عێراق لە میانەی پێوازی لەگەڵ ئێنیل بەرا ئینان، لەبالیۆزی کۆماری تورکیا لە عێراق ڕایگەیاند، پرۆسەی چەک دانانی پەکەکەی بەرز دەنرخێنن و ئەو هەنگاوە بنەمایەکی گرنگە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەسەرتاسەری ناوچەکەدا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، د.لەتیف ڕەشید ئەمڕۆ دوشەممە لەکۆشکی بەغدا، پێشوازی لە ئێنیل بەرا ئینان، بالیۆزی کۆماری تورکیا لە عێراق کرد. لەمیانی دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار جەختی لە گرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییە دوقۆڵییەکانی نێوان هەردو وڵات و گەلی دەستدا کردەوە.

د. لەتیف ڕەشید، ڕێککەوتنی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و تورکیا و پرۆسەی چەک دانانی پەکەکەی بەرز نرخاند و ئاماژەی بەوەشدا کە چەک دانانی پەکەکە بنەمایەکی گرنگە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەسەرتاسەری ناوچەکەدا.

لەلایخۆیەوە بالیۆزی تورکیا، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەوڵەکانی سەرۆک کۆمار و پەرۆشی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و هاریکاری هاوبەش دەربڕی، ڕونیشی کردەوە کە پەیوەندییە

دوق□□یی□کان گ□ش□س□ندن□کی ئ□ر□نی ب□خ□و□ د□بین□ ل□بوار□ جیاجیاکاندا.